نێچیرڤان بارزانی جێختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بە بڕوودان بە پێیوەندییەکانی لەگەڵ کەنەدا کردەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێختی لە خواستی هەرێم بە بڕوودان بە پێیوەندییەکانی لەگەڵ کەنەدا کردەوە.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم لە راگەیندراوەکدا ووتی" نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیدارەکدا لەگەڵ کاتی بونکا باڵیۆزی نوێی کەنەدا لە عێراق، وڵای بخەرهەنان و دەربڕینی پشتیوانی بە سەرخستنی ئەرکەکەی، جێختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بە بڕوودان بە پێیوەندییەکانی لەگەڵ کەنەدا کردەوە. لەمبارەیەوە داوای کرد ئاستی نوێنەرایەتیی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان بەزر بکرێنەوە".

هەروەها لە راگەیندراوەکە ئەوەیش هاتووە کە باڵیۆز بونکا خۆشحاڵیی خۆی بە دەستبەکاربوون و سەردانی بە هەرێمی کوردستان دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی بە بایەخ و گرنگییەوە لە پێیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەڕوانێت. ئاماژەی بەوەش کرد کە بە ئەم مەبەستە کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتیی وڵاتەکەیان لە هەرێمی کوردستان دەکەن".

هەروەها هەردوو تاوتوێی گرنگیی سیستمی فیدراڵی، هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی کرد.